# قەیرانی تاك
# لە خێزانی کوردیدا



خەلیل زێوەیی

**کۆمەڵگای کوردی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەڕوانێتە خێزان، کە باوك تیایدا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر تەواوی خێزاندا هەیە و دەتوانێت وەك خۆی دەیەوێت خێزان بە ستراتیژ و بیرکردنەوەی خۆی ئاراستە بکات**

قەیرانی خێزان لە کۆمەڵگایەکی بارگاوی بە کۆمەڵێك تێڕوانینی هەڵە بۆ بەهاکانی مرۆڤ وتێکشکاندنی ئەو بەهایانە، لە لایەن عەقڵیەتێکی تا سەر ئێسقان نەخۆش و تێکشکاو، لەسەرجەم ئاستەکانداو پەیوەست نەبوونی ئینتیمایەکی پتەو بۆ ئەم دەزگا کۆمەڵایەتیە، لە ژێر کۆمەڵێك فشارو تێگەیشتنی هەڵە بۆچەمکی خێزان، پەیوەندییەکی ئۆرگانی ڕاستەوخۆی بەئەزموونی تاڵ وناتەندروستی مومارەسەی خێزانی ئێمەوە هەیە. ئەمەش بەلای ئەو پرسیارە نەکراوەمان دادەبات، کە ئایا ئەوەی لەکۆمەڵگای کوردی ناونراوەخێزان بەراستی سیماو بونیادەکانی خێزانی تێدایە؟! ئایا مومارەسەی تاکی ئێمە لە کوێ پەیوەندیەکانی لەگەڵ خێزان دەست پێدەکات و لە کوێ کۆتایی دێت؟! بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم دەبێت لەتێگەیشتنی خودی کۆمەڵگا بۆخێزان دەست پێبکەین. کۆمەڵگای کوردی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەڕوانێتە خێزان، کە باوك تیایدا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر تەواوی خێزاندا هەیە و دەتوانێت وەك خۆی دەیەوێت خێزان بە ستراتیژ و بیرکردنەوەی خۆی ئاراستە بکات. لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دیدە خێڵەکییەی دەسەڵاتی باوك سالاریانەی خۆی بەدەستبێنێ، بە پەراوێزکردنی تەواوی ئەندامانی خێزان لە ڕێگەی شەرعیەتدان بە هەموو کردارێکی پەیوەندیدار بە خێزان و خەساندنی ئەوانی دی و هەر جۆرە دەنگێکیش لە دەرەوەی ئەو جۆرە مومارەسەیە وەك بەشێك لە لادان لە دابی گشتی و یاسای داڕێژراوی خێڵ بۆ خێزان ناوزەد دەکرێت. ئەمەش جۆرێك لە ترس و جۆرێك لە پیرۆزی بەخشین و بە ئیمپراتۆر کردنی باوکە. کە جگە لە هاتنەدی خەونی باوك و کوشتنی خەونی ئەوانیتر شتێکیتر نیە، دەرئەنجامەکانیشی کۆمەڵێك دیاردەی مەترسیدارن، هەر لە کوشتن و ڕاکردن و خۆکوژی و تێکچوونی شیرازەی خێزان و....هتد.

بۆ وەڵامی پرسیاری دووەمیش، دەبێ ئاماژە بەو دیدە مارکسییە بکەین کەپەیوەندی تاك بەخێزانەوە پەیوەندیەکی ئابووریەو کۆمەڵێك بەهای ئابووری ئەم پەیوەندیە دادەڕێژنەوە کە بەرای من ئەمەیان ئەگەر لە سەردەمی مارکس خۆی ڕاستنەبوون، ئەوا لە واقعی ئەمرۆی جیهان ڕووەکانی بە دیاردەکەون ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە بواری تەکنەلۆژیا هاتۆتە ئاراوە، کە حوکم بەسەر مرۆڤەوە دەکەن. بەڵام بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە و هاوشێوەکانمان ناڕاستە، چونکە تاك بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ لە دەرەوەی خێزان خاوەنی ئابوورییەکی سەربەخۆ بێت و بە هەمان شێوە باوك تاکە سەرچاوەی داهات و خەرجیە لەخێزان. بۆ دەربازبوونی تاکیش لەم قەیرانە خەونی ئێمە لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستان، تەنها پرۆسەی هاوسەرگیریە کە تاك لە فۆڕم و ستایلێکی نوێ جارێکیتر ژیان دادەڕێژێتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەمەش لە گرفت و دەرهاویشتەکانی ئەم پەروەردەیەی ناوخێزان بەدەر نییە.